# هەڵگرتنی چەک لەلایەن خەڵکی سڤیلەوە ئاشتی و ئارامیی کۆمەڵایەتی دەشێوێنێت



**لە ساڵی ٢٠١٦ تاوەکو ئێستا لە هەرسێ پارێزگای هەرێمی کوردستان ١٧٤٠ مۆڵەتی هەڵگرتنی چەک بە هاووڵاتیان دراوە، لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵیش ٤٠ تاوانی کوشتن و خۆکوشتن و دزیکردن ئەنجامدراون و لە زۆربەیاندا چەک بەکار هێنراوە، تاوەکو ئێستا لە هەرێمی کوردستان نەتوانراوە دیاردەی هەڵگرتنی چەکی بێموڵەت بەتەواوی بنبڕ بکرێت. لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان بازاڕی کڕین و فرۆشتنی چەک هەیە، هەرچەندە بە گوێرەی یاسا و ڕێنماییەکان بەبێ بوونی موڵەت نابێت چەک بە هیچ کەسێک بفرۆشن، بەڵام دەگوترێت بە نهێنی چەک بەکەسانی بێ موڵەتیش دەفرۆشرێت. چالاکانی مەدەنی و ئەکادیمییەکانی کوردستانیش جەخت لەوە دەکەنەوە کە زۆربەی تاوانەکانی کوشتن بە چەک ئەنجام دراون و هەروەها ئاسان دەستکەوتنی چەک، بە هەڕەشەی گەورە بۆ سەر گیانی هاووڵاتیان دەزانن، بۆیە داوادەکەن ئەو دیاردەیە بەتەواوی کۆنترۆڵ بکرێت**

ئێوارەی ٢٢ی ئەم مانگە بە هۆی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی، باوك و کوڕێك لە شوێنی کارەکەیان کە نەمامگەیەك بوو لەناو شاری هەولێر، کوژران. کێشەکە بۆ دوو ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە، کاتێك برای کوژراوەکە لەسەر قەرز دوو کەس دەکوژێت، کەسوکاری کوژراوەکانیش بۆ تۆڵەکردنەوە برا و برازایەکی بکوژەکەیان لە شوێنی کارەکەیان کوشتەوە.

رۆژی ٢١ی ئەم مانگەش گەنجێك بە ناوی «ر . ر» لەسەر رێگای کەسنەزان بە هەڵە کوژرا، بکوژەکەشی بۆ شوێنێکی نادیار هەڵاتووە. لە رووداوێکی دیکەشدا گەنجێکی تەمەن ٢٨ ساڵ لەبەر چاوی دایك و باوکی لە عەنکاوە کوژرا، تۆمەتباری رووداوەکەش دەستگیرکراوە و باسی رووداوەکە دەکات.

س . ق-ی تۆمەتبار دەڵێت: «من و کوڕەکەم لەبەر دەرگا بووین، ئەو کوڕە لەگەڵ کەسێکی دیکە شکاندییەوە سەر من و منداڵەکەم. منیش چوومە لای باوکی و پێمگوت کوڕەکەت کێشەی چییە لەگەڵ من؟ ئەویش گوتی: هەر چی بووە لەسەر منی حیساب بکە، منیش دەستی باوکیم ماچ کرد و ویستم بڕۆم، کەچی کوڕەکەی هاتەوە و جنێوی بە من دا، منیش بە دەمانچە تەقەم کرد، نەمزانی فیشەکەکەی بەرکەوتووە».

دوای ئەو رووداوانە، بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەییدا دەستگیرکردنی شەش کەسی بەپێی ماددەی ٤٠٦ لە یاسای سزادانی عێراقی راگەیاند، کە ئەو ماددەیە کوشتنی بە ئەنقەست دەگرێتەوە.

لیوا عەبدولخالق تەلعەت، بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر رایگەیاند، نەتوانراوە چارەسەر بۆ کێشە کۆمەڵایەتییەکان بدۆزرێنەوە، چونکە زۆرینەی حاڵەتەکانی کوشتن بۆ کێشەیەك دەگەڕێتەوە کە پێشتر روویداوە و لایەنێکیان تۆڵە دەکەنەوە.

بەپێی ئامارەکانی پۆلیسی هەولێر، لەماوەی شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا ٤٠ تاوانی کوشتن و خۆکوشتن و دزیکردن ئەنجامدراون، لە زۆربەیاندا چەك بەکارهێنراوە. لەسەر ئەو رووداوانەش ٦١ کەس دەستگیرکراون.

محەمەد مستەفا زراری مامۆستای زانکۆ لە کۆلێژی کیتابی زانکۆیی، سەرەتا هێما بۆ ئەوە دەکات کە «لە رۆژانی رابردوو چەندین رووداوی کوشتن لە ناوجەرگەی پایتەختی هەرێمی کوردستان روویاندا، کە بە هۆی هەڵچوونی ئاسایی، یان کێشەیەکی کۆنی کۆمەڵایەتی بووە، کە هەندێکیان لە رێگەی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی چارەسەر کراون و دواتر کێشەکە سەری هەڵداوەتەوە، هەندێك کێشەش لە بنەڕەتدا چارسەر نەکراون.» هاوکات دەڵێت: «ئەگەرچی لە وڵاتانی پێشکەوتووش رووداوی کوشتن هەیە، بەڵام پرسیار ئەوەیە: دوای رووداوەکان لای ئەوان چی روو دەدات و لای ئێمە چی روو دەدات؟ بەگشتی هەرجۆرە تاوانێکی کوشتن بە شێوەیەکی راستەوخۆ کاریگەری لە سەر ناوبانگی هەرێم دەبێت، بۆیە لایەنی پەیوەندیدار پێویستە بەپەلە چارەسەری گونجاو و خێرای بۆ بدۆزنەوە، بەتایبەتی زۆر پێویستە کە هەڵگرتنی چەك لە لایەن هاووڵاتیان و تەنانەت و هێزە ئەمنی و چەکدارەکانیشەوە بە تەواوی کۆنترۆڵ بکرێت، هەروەها زیادکردنی رۆڵی دادگا و دادوەرەکان و دانانی دادوەری شارەزا و رابردووپاك، بۆ سزادانی بکوژان و گواستنەوەی کێشەکان لە دیوەخانی عەشایری بۆ ناو دادگاکان دەتوانێت تاوانەکانی کوشتن کەم بکاتەوە.

محەمەد مستەفا زراری، لە درێژەی رادەربڕینەکەیدا پێشنیار دەکات: «بە هیچ شێوەیەك لێخۆشبوونی تایبەت و گشتی، کەسی بکوژ نەگرێتەوە. هەروەها هەڵگرتنی چەك بۆ هێزە ئەمنی و چەکدارییەکان رێکبخرێت و دوای دەوامی فەرمی، بۆیان نەبێت چەك ببەنە ماڵی خۆیان، واتە لە دەرەوەی شوێنی دەوامی فەرمی رێگەیان پێ نەدرێت چەك هەڵگرن. هەروەها زۆر پێویستە رێکخستنەوە و پێداچوونەوە بە پێدانی ناسنامەی رێگەپێدانی هەڵگرتنی چەك بۆ کۆمەڵێك کەسایەتی و هاووڵاتی سڤیل و بازرگاندا بکرێت، ئەمەش دەبێتە هۆکارێك بۆ کەمبوونەوەی هەڵگرتنی چەك و رووداوەکانی کوشتن. »

لەلای خۆیەوە ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان، هۆشداری داوەتە هەموو ئەو لایەن و کەسانەی کە بە داڵدەدانی تاوانباران، یاخود دەستوەردان لە رێڕەوی یاسا زەمینە بۆ پەرەسەندنی تاوان و دیاردەی دزێو خۆش دەکەن . داوا لە هەموو لایەکیش دەکات، هاوکار بن بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان وەك هەمیشە نموونەی ئارامی و سەقامگیری بێت و هاووڵاتیانی خۆشەویستیش دڵنیا دەکاتەوە کە رێگە نادەن ئاسایشی هەرێم و ئارامیی ژیانیان بکرێتە قوربانیی بەرژەوەندی، یان کەمتەرخەمیی هیچ کەس و لایەنێك. ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان ئەوەش

**بەپێی بەدواداچوونەکانی پارێزگای هەولێر دەرکەوتووە ئەو چەکانەی تاوانیان پێ ئەنجامدراوە، مۆڵەتیان نەبووە**

**لە کوردستان باخە گشتییەکان بۆتە بەشێک لە شوێنی کڕین و فرۆشتن و ئاڵوگۆڕکردنی چەک، بە یەک تەلەفۆن چەکت بۆ دەهێننەماڵەوە و تەنانەت لە رێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیش بە ئاشکرا مامەڵەی چەک دەکرێ**

**بۆ چارەسەری کێشە کۆمەڵایەتییەکان لە بری ئەوەی پەنا بۆ دادگا ببردرێ، پەنا بۆ سوڵحی عەشایەری دەبەن و لە کۆتاییدا دەرەنجامەکەشی زۆر جار باش نابێت و تۆڵەکردنەوە و تاوانی کوشتنی دیکەیشی لێدەکەوێتەوە**

دووپـات دەكاتـەوە كـە زۆر بـە وردی بەدواداچـوون بۆ هەمـوو ئـەو ڕێكارانـە دەكات كـە بـۆ بنبڕكردنـی ئـەو دیـاردە دزێوانـە دەگیرێنەبـەر.

هەنا میرانـی پسپۆڕی پەروەردەییـە و سـەبارەت بـە هەمـان پـرس دەڵێـت: «بەداخـەوە هەڵگرتنـی چـەك بۆتـە دیاردەیەكـی ترسـناك و ڕۆژانـە چەندیـن كەسـی بێتـاوان دەبنـە قوربانیـی ئـەو دیاردەیـە و تۆڵەكردنـەوەش تـا ئێسـتا نـەك هـەر نەتوانـراوە بنبـڕی بكرێـت، بەڵكـو سـنوورداریش نەكـراوە. بۆیـە پێویسـتە حكومـەت و یاسـا هەوڵێكـی جددی بـدەن بـۆ ئـەوەی بێگوناهـەكان لـە دێوەزمـەی چـەك و تۆڵـە بپارێـزن، ئەگینـا بـۆ هەتـا هەتایـە قوربانـی و ماڵوێرانـی كۆتایـی نایـەت و هـەر بـەردەوام دەبێـت.» گوتیشـی: «پایتەختەكەمـان شـاری ئاوەدانـی و خۆشـگوزەرانییە، بـا ئـەو ماندووبـون و شـەونخوونییەی برایانـی ئاسـایش و پۆلیـس و هێـزە ئەمنییـەكان بەدەسـتی چەنـد كەسـێك نەشـێوێ و لەكـەدار نەبێت، چونكـە ئێمـە هـەردەم شـانازی بـەو ئارامـی و ئاسایشـە دەكەیـن كـە لـە هەولێـر هەمانـە، بۆیـە پێویسـتە لایەنـی پەیوەندیـدار ئـەو بابەتـە كۆنتـڕۆڵ بـكات و بـە زووتریـن كات میكانیزمێكـی گونجـاوی بـۆ بدۆزرێتـەوە بەتایبەتـی بـۆ كۆنتـڕۆڵ و كەمكردنـەوەی دیـاردەی چـەك هەڵگرتـن كـە بـۆ نەهێشـتنی ئـەو ڕووداوە نەخوازراوانـە زۆر بەسـوود دەبێـت.»

میرانـی ڕایوایـە : «هەڵگرتنـی چـەك لـە لایـەن خەڵكـی سـڤیلەوە ئاشـتی و ئارامیـی كۆمەڵایەتـی دەشـێوێنێت.» هـاوكات دەڵێـت: «ئێمـە گەلێكیـن هێنـدە ئازارمـان پێگەیشـتووە لـە چـەك و تەقەمەنـی، نەدەبوایـە هەرگیـز بـەكاری بهێنیـن، بـەڵام بەداخـەوە هاوكێشـەكە پێچەوانـە بۆتـەوە و ئێسـتا لەسـەر دەمەقاڵێیەكـی سـووك و هەڵەیـەك وەك شـكاندنەوەی ئۆتۆمبێـل و لێدانـی فـوول لایـت و هەڵچوونێكـی سـادە، یـان جنێوێك كە چارەسـەری زۆر ئاسـانە، چەك و فیشـەك بـەكار دەهێنـن و ئـەوە بووەتـە جێگـرەوەی دیالـۆگ و یاسـا و مافـی گشـتی.» گوتیشـی: «هەمـوومـان بەرپرسـین لـەم دیاردەیـە، دایـك و بـاوك، پـەروەردە، بازرگانـەكان، ڕاگەیانـدن و میدیـاكاران، لایەنـە پەیوەندارەكانـی حكومـەت، كۆمەڵـی مەدەنـی و ...هتـد، تـا ئێسـتاش لـە كەلتـووری ئێمـەدا پیشـاندانی هێـز بـە چـەك شـتێكی بـاوە. بەداخـەوە منداڵانـی ئێمـە لـە جیاتـی دنیـا بێگـەرد و پاكەكـەی خۆیـان وێنـا بكەیـن، بـە دەمانچـە و كڵاشـینكۆفەوە چركەكانـی تەمەنیـان تۆمـار دەكەیـن و وێنەیـان دەگریـن و لـە تـۆڕە كۆمەڵایەتییـەكان بـڵاوی دەكەینـەوە و شـیرینی و شـكولاتەیان بـە شـێوەی بۆمـب و دەبابـە پـێ دەفرۆشـین، بـازاڕی فرۆشـتن و كڕینـی چـەك لەنـاو جەرگـەی شـار بـە نوێـژی نیـوەڕۆ جمـەی دێـت، لـە هەمـووی سـەیرتر پیاوانـی یاسـا (هەندێـك لـە پارێـزەران) لـە سـەردەمێك داوای مۆڵەتـی چـەك هەڵگرتنیـان دەكـرد، ڕاگەیاندنـەكان پـلان و بەرنامەیـان چییـە بـۆ كەمكردنـەوەی ئـەم دیاردەیـە؟ زانایانـی ئایینـی چۆن مامەڵەیـان لەگـەڵ ئـەم بابەتـە كـردووە و خەڵكیـان بەئـاگا هێناوەتـەوە و پەیامـی ئاشـتی و لێبوردەییـان گەیانـدووە؟ كەواتـە بـە تەنیـا لایەنێـك بەرپرسـیار نییـە، بەڵكـو هەمومـان بەرپرسـین. بۆیـە نـەك كاتـی ئـەوە هاتـووە، بەڵكـو زۆر درەنگیشـە بـۆ لێسـەندنەوەی چـەك لەوانـەی پێویسـت نییـە هەڵگـری بـن و ئەوانـەش كـە پێویسـتە تەنیـا لەكاتـی دەوامـی فەرمـی دەبێـت چـەك هەڵبگـرن و بردنـەوەو هەڵگرتنـی چـەك لـە مـاڵان دەبێـت بـە یاسـا قەدەغـە بكرێـت و سـزای قورسـیش بخریتـە سـەر سـەرپێیچیكاران و هەمـوو لایەكیـش پێویسـتە لەسـەر هوشـیاركرنەوەی هاووڵاتیـان بـەردەوام بـن.»

چالاكـی مافنـاس بـاران محەمـەد، سـەرەتا باسـی ئـەوە دەكات كـە «دیـاردەی چـەك هەڵگرتـن لـە كۆمەڵگـەی ئێمـەدا بـووە بـە نەریتێكـی بـاو و بـەردەوام و ئاسـەواری زۆر نێگەتیڤیشـی بـەدوای خۆیـدا هێنـاوە.» گوتیشـی: «بەداخـەوە ڕۆژانـە چەندیـن هەواڵـی كوشـتن و بریندارکـردن دەبینیـن و دەبیسـتین، هۆكارەكەشـی پەیوەندیـی ڕاسـتەوخۆی بـە ئاسـتی ڕۆشـنبیری و تێگەشـتنی تاكـی كۆمەڵگـەوە هەیـە، هەروەهـا چۆنێتـی جێبەجێكردنـی ئـەو یاسـایانەی كـە پەیوەندییـان بـە چـەك و هەڵگرتنـی چەكـەوە هەیـە بـە شـێوازێكی یاسـایی، یاخـود نایاسـایی، یـان چۆنیەتـی ڕێوشـوێنی پێدانـی چـەك لەلایـەن وەزارەتـی ناوخـۆ بـۆ ئـەو كەسـانەی كـە داوای دەكـەن. چەكیـش دوو جـۆری هەیـە. كـە (چەكـی گـەرم) و (چەكـی سـارد)ن، جـۆری یەكەمیـان زیاتـر دەمانچـە و كڵاشـینكۆف و ڕومانـە و تەقەمەنییـان دەگرێتـەوە، جـۆری دووەمیـان زیاتـر چەقـۆ و شمشـێر و خەنجـەر بۆكـس و ڕم دەگرێتـەوە. بێگومـان لـە هـەر وڵاتێكیـش هەڵگرتنـی چـەك بـە جۆرێـك لـە جـۆرەكان ڕێكخـراوە، جگـە لـە هەندێـك وڵاتـی وەك ئەمریـكا نەبێـت، كـە هەمـوو كـەس بـۆی هەیـە چـەك هەڵبگرێـت، كـە ئـەوەش لەوانەیـە لەبـەر بەرژەوەندیـی كۆمپانیاكانـی بەرهەمهێنانـی چـەك بێـت. ئـەوەی تێبینیـم كردبێـت ئـەو كۆمەڵگەیانـەی كـە چەكـی تێـدا زۆرە، هاوتەریبـە لەگـەڵ زۆریـی ڕێـژەی تـاوان و كوشـتن. هەنـدێ تـاك بـە بـێ هیـچ

**پێویستە دامودزگا ئەمنییەکان هەستن بە پشکنینی ماڵ و ناو ئۆتۆمبێلەکان و دیاردەی چەک هەڵگرتن تا ئاستێکی باش سنووردار بکەن**

**ئێستا لەسەر دەمەقاڵێیەکی سووک و هەڵەیەک وەک شکاندنەوەی ئۆتۆمبێل و لێدانی فوول لایت و هەڵچوونێکی سادە، یان جنێوێک کە چارەسەری زۆر ئاسانە، چەک و فیشەک بەکار دەهێنن و ئەوە بووەتە جێگرەوەی دیالۆگ و یاسا و مافی گشتی**

**با ئەو ماندووبون و شەونخوونییەی برایانی ئاسایش و پۆلیس و هێزە ئەمنییەکان بەدەستی چەند کەسێک نەشێوێ و لەکەدار نەبێت**

بیرکردنەوەو هۆکارێك چەك هەڵدەگیرێت.

لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە زۆرێك لەو کەسانەی چەکیان پێیە، زیاتر لە بازاڕ و لە شوێنە گشتییەکان دەردەکەون، وەك باخچە و پارکەکان کە شوێنی پشوودان و حەسانەوەیە.»

باران محەمەد بۆ ڕێگرتن لەو دیاردەیە بە پێویستی دەزانێت، ئەو یاسایانەی کە تایبەتن بە هەڵگرتنی چەك، بۆ هەموو چینەکانی کۆمەڵگە و بەبێ جیاوازی جێبەجێ بکرێت، هاوکات دەڵێت: «ئێمە کێشەمان لە بوونی یاسادا نییە، گەورەترین کێشەمان لەگەڵ جێبەجێ نەکردنی یاساکانە.»

محەمەد گۆمەشینی گوتەبێژی دەستەی سەربەخۆیی مافەکانی مرۆڤ، یەکێکە لەو سەدان هاووڵاتییەی کە ئاماژە بەوە دەکەن، «ڕووداوەکانی کوشتن بە چەك لە کوردستان زیادی کردووە، ئەوەش نیگەرانی لای خەڵك دروستکردووە.» گوتیشی: «ئێمە وەکو دەستەی سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤ ساڵانێکە ئەوەمان ڕاگەیاندووە کە بوونی چەك لە ماڵان و ئاسان دەستکەوتنی چەك بۆتە مەترسی بۆ سەر گیانی هاووڵاتییان، بەتایبەتی لە کاتی یەکلاکردنەوەی کێشە کۆمەڵایەتییەکان، تەنانەت زۆرجار لە ڕووداوەکانی هاتوچۆش پەنا بۆ چەك براوە، بۆیە پێویستە دامودەزگا ئەمنییەکان هەستن بە پشکنینی ماڵ و ناو ئوتۆمبێلەکان و دیاردەی چەك هەڵگرتن تا ئاستێکی باش سنووردار بکەن، بەداخەوە بۆ چارەسەری کێشە کۆمەڵایەتییەکان لە بری ئەوەی پەنا بۆ دادگا ببردرێ، پەنا بۆ سوڵحی عەشایەری دەبەن و لە کۆتاییدا دەرەنجامەکەشی زۆر جار باش نابێت و تۆڵەکردنەوە و تاوانی کوشتنی دیکەیشی لێدەکەوێتەوە. بەداخەوە لە کوردستان باخە گشتییەکان بۆتە بەشێك لە شوێنی کڕین و فرۆشتن و ئاڵوگۆڕکردنی چەك، بگرە بە یەك تەلەفۆن چەکت بۆ دەهێننە ماڵەوە و تەنانەت لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیش بە ئاشکرا مامەڵەی چەك دەکرێ، ئەو کارە قێزەوەنەش پێویستی بە هەڵوەستە لەسەرکردنی جددی هەیە، زۆرجار خەڵکی سڤیل و بێتاوان دەبنە قوربانی و دەکوژرێن و بریندار دەبن، کۆنترۆڵکردنی ئەو بارودۆخە کۆمەڵێ ڕێکاری پێویستە، لەوانە هەڵمەتی هۆشیارکردنەوەی تاکە، ئەویش بە هەماهەنگیی دەزگا ئەمنییەکان، دەزگاکانی ڕاگەیاندن، پیاوانی ئایینی و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی، لەلایەکی دیکەوە توندوتۆڵکردنی ئەو سزایانەی کە بەسەر تاوانباردا دەسەپێ، هەروەها ئاشکراکردنی ناسنامە و چارەنووسی ئەو تاوانبارانەی کە تاوانی لەم شێوەیەیان ئەنجام دابێت.»

عەمیدی مافپەروەر خالید عەباس بەڕێوەبەری کاروباری ناوخۆی پارێزگای هەولێر، سەبارەت بە هەمان پرس تایبەت بۆ گوڵان دەڵێت: «یاسایەك لە پەرلەمانی کوردستان دەرچووە و کاری پێدەکەین، بەناوی یاسای چەك ژمارە ١٦ ساڵی ١٩٩٣ ئەو یاسایە ئامانجی ئەوەیە چەك هەڵگرتن سنووردار بکرێت، هەروەها پێدانی مۆڵەتی چەك بە سیستەم بکرێت. مەرجەکانی پێدانی مۆڵەتی هەڵگرتنی چەکیش (بۆ سنووری پارێزگای هەولێر) بەمجۆرە دەستنیشان کراوە:

پێویستە ڕەگەزنامەی عێراقی هەبێت.

دانیشتووی هەولێر بێت و ناسنامەی باری شارستانی و کارتی زانیاری هەولێر بێت.

تەمەنی لە ١٨ ساڵ کەمتر نەبێت.

نەخۆشیی دەروونی نەبێت.

بەهیچ تاوانێك سزا نەدرابێت.

پێویستە سەرەتا داواکارییەك پێشکەش بە پارێزگا بکات و ڕەزامەندی لەم فەرمانگەیانە هەبێت:

أ- لیژنەی پزیشکی هەمیشەیی.

ب- بەڕێوەبەرایەتی بەڵگە و تاوانی هەولێر.

ت- بنکەی پۆلیسی شوێنی دانیشتن (گەڕەك).

پ- بنکەی ئاسایشی شوێنی دانیشتن (گەڕەك) کە ئەویش بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان بەرزی دەکاتەوە.

ئینجا بەپێی مەرجەکان مۆڵەتی چەك هەڵگرتنی بۆ دروست دەکەن. لە سەرووی هەموو ئەوانەشەوە دەبێت ئەوەی مۆڵەتی چەك هەڵگرتنی بۆ دەردەچێت، چەکەکەی تەنیا بۆ پارێزگاریکرن لەخۆی و سامانەکەی بێت.»

بەڕێوەبەری کاروباری ناوخۆی پارێزگای هەولێر ئەوەشی خستەڕوو کە «بەپێی ڕێنماییەکان دەکرێ، سەرۆکی هەرێم، ئەندامانی پەرلەمان، سەرۆك وەزیران و وەزیر و وەکیل وەزیرەکان، پلە تایبەت و داواکاری گشتی، دادنووس، وێڕای کارمەندانی ناوخۆ و پێشمەرگە چەکیان هەبێت.»

گوتیشی: «لە ساڵی ٢٠١٦ تاوەکو ئێستا لە هەرسێ پارێزگای هەرێم ١٧٤٠ مۆڵەتی چەك بە هاووڵاتیان دراوە، بەپێی بەدواداچوونەکانیشمان وەکو پارێزگای هەولێر، دەرکەوتووە کە ئەو چەکانەی تاوانیان پێ ئەنجامدراوە، مۆڵەتیان نەبووە.»

**پێویستە بە هیچ شێوەیەک لێخۆشبوونی تایبەت و گشتی، کەسی بکوژ نەگرێتەوە. هەروەها هەڵگرتنی چەک بۆ هێزە ئەمنی و چەکدارییەکان ڕێکبخرێت**

**زیادکردنی ڕۆڵی دادگا و دادوەرەکان و دانانی دادوەری شارەزا و ڕابردووپاک، بۆ سزادانی بکوژان و گواستنەوەی کێشەکان لە دیوەخانی عەشایری بۆ ناو دادگاکان دەتوانێت تاوانەکانی کوشتن کەم بکاتەوە**

**بەگشتی هەرجۆرە تاوانێکی کوشتن بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر ناوبانگی هەرێم دەبێت، بۆیە لایەنی پەیوەندیدار پێویستە بەپەلە چارەسەری گونجاو و خێرای بۆ بدۆزنەوە**

# خانمانی پەرلەمانتاری کورد لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بەرنامەی خۆیان بۆ خزمەتی ئافرەتان و منداڵان دەخەنەڕوو

**ئەگەرچی کاری نوێنەرانی هەر گەلێك لە پەرلەمانی وڵاتەکەیاندا زۆر رەهەند لە خۆی دەگرێت و بە دەرکردنی یاساکان هەوڵ دەدەن، حکومەت وەك هێزی جێبەجێکار پراکتیزەی بکات، چاودێریی چەسپاندن و جێبەجێکردنی یاساکانیشیان دەکەن، بەڵام هەندێك پرسیش تایبەتمەندیی خۆی هەیە و نیازی بە کاری زیاتر و هەوڵی فراوانتر هەیە، بەتایبەتی لە وڵاتانی دواکەوتوودا دەبێت، زیاتر بە یاسا پشتیوانی لە مافە زەوتکراوەکانی ئافرەتان و منداڵان بکرێتەوە، کاندیدێکی سەرکەوتووش بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق جەخت لەوە دەکاتەوە کە لە عێراقدا رێز لە خەبات و قوربانیدانی ئافرەت نەگیراوە و وەك پێویستیش ئاوڕیان لە منداڵان و قوربانییانی شەڕ نەداوەتەوە، بۆیە بە پێویستی دەزانێت لەو بوارەدا کاری بەپەلە بکرێت. لەم راپۆرتەی گوڵانیشدا چەند خانمی کاندیدی دەرچووی لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بەرنامەی خۆیان بۆ خزمەتکردنی ئافرەتان و منداڵان دەخەنەڕوو.**

**لە رێگەی لیژنەی تایبەت بە مافی مرۆڤ و لیژنەی مافی ئافرەت و منداڵان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق هەموو هەوڵێک دەدەین بۆ ئەوەی ژیان و گوزەرانیان خۆشتر بکەین**

**یەکێک لە ئەرکەکان خزمەتکردن و چاودێریکردنی ئافرەتە بێوەژنەکانە، ئەویش بە پشتیوانی یاسا و هەماهەنگی لەگەڵ حکومەت و رێکخراوەکان، بۆ بڕینەوەی مووچەیەک کە ژیان و گوزەرانیان بەڕێوە ببات**

سەرەتا د. ڤیان سەبری، کاندیدی سەرکەوتوو بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەسەر لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان دەڵێت: «ئەوەی بە سەر ئافرەتان و منداڵانی ناوچە کێشە لەسەرەکان هات، زۆر ترسناك و زۆر بە ئازار بوو، بەتایبەت ئەو کارەساتانەی لە شنگال روویاندا، ئەویش لە دەرەنجامی جێبەجێنەکردنی ماددەی ١٤٠ ی دەستووری عێراق بوو، بۆیە زۆر گرنگە پەلە لە جێبەجێکردن و بەگەڕخستنی ئەو ماددەیە بکرێت.» سەبارەت بە کار و بەرنامەی خۆیشی لە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەڵێت: «کە چوومە پەرلەمان بەرنامەیەکی فراوانم بۆ باشترکردنی رەوشی ئافرەتان هەیە، ئەویش لە رێگەی پشتیوانیی یاسایی لە بەرزکردنەوەی ئاستی تواناکانی ئافرەتان و هۆشیارکردنەوەیان بەرامبەر بە مافە رەواکانیان لە چوارچێوەی یاساکانی مافی مرۆڤ و رێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان، هەروەها دۆزینەوە و دابینکردنی کار و پیشەی سەربەخۆ بۆ خانمان، چونکە زۆربەی ئەو ئافرەتانە بەخێوکەری خێزانەکەیان لە رووداوەکان لە دەستداوە، لە پاڵ ئەمانەشدا کاردەکەم لەسەر بەرنامەی پاراستنی منداڵ و چۆنیەتی رەفتارکردن لەگەڵیدا لە رووی دەروونییەوە و دابینکردنی خزمەتگوزاری دەروونی بۆ ئەو منداڵانەی بەهۆی شەڕی داعشەوە تووشی هێدەی دەروونی بوون، هەروەها کاردەکەم بۆ رووبەڕووبوونەوەی هەر جۆرە پێشێلکارییەك کە بۆ سەر ئافرەتان و منداڵان دەکرێت، ئەویش بە پشت بەستن رێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکانی سەبارەت بە مافی مرۆڤ، پێویستە حکومەت لەسەر ئەو پێشێلکارییانە بە ئەرکی خۆی هەڵبستێت و بەرپرسیارانە کاری لەسەر بکات و رێگە لە دووبارە و سێ بارە بوونەوەیان بگرێت کە لە شەڕی داعش روویاندا و تا ئێستاش لە کەرکووك و خانەقین و خورماتوو بەردەوامیان هەیە.»

د. ڤیان سەبری ئەوەش دووپات دەکاتەوە کە هەوڵ دەدات بۆ «جێبەجێبوونی ماددەی ١٣٢ لە دەستووری عێراق کە بریتییە لەوەی دەوڵەت چاودێریی کەسوکاری شەهید و گیراوانی سیاسی و زیانلێکەوتووانی دەستی رژێمی دیکتاتۆر بکات، هەروەها قەرەبووی خێزان و خانەوادەی شەهید و بریندارانی کردە تیرۆرستییەکان بکاتەوە.»

کاندیدی سەرکەوتوو، ئیخلاس سەباح، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «بە درێژایی ساڵانی رابردوو دانیشتووانی عێراق رووبەڕووی جەنگ و داگیرکاری و زوڵم و ستەم بوونەتەوە، هاووڵاتیانی ناوچە کێشە لەسەرەکان لەم نەهامەتییانە پشکی شێریان بەرکەوتووە، ئەویش بەهۆی تایبەتمەندی ناوچەکەیانەوە. لە هەر جەنگ و ململانێیەکدا زۆرترین قوربانییەکان ئافرەت و منداڵن، لە کاتێکدا دەستوور و ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و هەموو یاسا نێودەوڵەتییەکان ئاماژە بە ژیانێکی شایستە دەکەن بۆ ئەو دوو توێژە کە ئافرەت و منداڵن.» سەبارت بە پڕۆژەکانی خۆیشی گوتی: «بەڵێن دەدەم کارەکانم تایبەت بکەم بۆ خزمەتی زیاتری ئافرەتان و منداڵان، بەتایبەت ئافرەت و منداڵی ناوچە جێ ناکۆکەکان، کاردەکەم بۆ خزمەتکردن و چاودێریکردنی ئافرەتە بێوەژنەکان، ئەویش بە پشتیوانی یاسا و هەماهەنگی لەگەڵ حکومەت و رێکخراوەکان، بۆ بڕینەوەی مووچەیەك کە ژیان و گوزەرانیان بەڕێوە ببات، کاردەکەم بۆ کردنەوەی قوتابخانەی نەهێشتنی نەخوێندەواری و بەستنی کۆنگرە بە بەشداریکردنی زۆرترین رێژە لە خانمانی ئەو




ناوچانە و بۆ دروستکردنی ئاشتەوایی، دیراسەکردنی دۆخی ئافرەتانی زیندانی و کردنەوەی بنکەی تایبەت بە چارەسەری دەروونی ئافرەتان و منداڵانی قوربانیی دەستی جەنگ، هەروەها بۆ دابینکردنی هەلی کار بۆ خانمان و گەڕاندنەوەی ئەو ئافرەت و منداڵانەی کە تائێستا بۆ ناوچەکانیان نەگەڕێندراونەتەوە، کاری جدیش دەکەم بۆ خستنەڕووی پرسی ئێزیدییەکان لە هەموو کۆڕ و کۆبوونەوە و کۆنفراسێك بە مەبەستی ئاوڕلێدانەوەیان، هەروەها کاردەکەم بۆ دروستکردنی پەیکەرێك بۆ ئافرەتانی ئێزیدی لە هەموو پارێزگاکانی عێراق، لەسەرووی هەموو ئەوانەوە کاردەکەم بۆ فشارخستنە سەر حکومەتی عێراق بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ و گەڕاندنەوەی ناوچە دابڕێنراوەکان بۆ باوەشی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی دانیشتووانەکەی لە ژیانێکی سەربەرز و شایستە بژین.»

کاندیدی سەرکەوتوو هەدار زوبیر بارزانی، کارکردن بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی ئافرەت و منالان بە ئەرکی سەرەکیی خۆی دەزانێت و لە بارەی کار و بەرنامەی خۆیشیەوە دەڵێت: «ئەرکی پیرۆزی سەرشانی ئێمەی کاندیدە دەرچووەکانی لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەتایبەتی ئافرەتان ئەوەیە کە کار بکەین بۆ باشترکردنی ژیان و گوزەرانی ئافرەت و منداڵ، بەتایبەت ئەوانەی کە بە زەبر و زۆر و بە ناچاری ماڵ و حاڵی خۆیان جێهێشتووە، لە شنگال، کەرکووك، دوزخورماتوو، زومار و هەموو ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم بۆ ئەوەی بتوانین هەر هیچ نەبێت کامێك لە ئێش و ئازارەکانیان کەم بکەینەوە.

ڕاگەیاندنی جیهانی و جاڕنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤ بە ئاشکرا ئاماژە بە یەکسانیی مافی هەردوو ڕەگەز دەکات، کە دەڵێت: هەموو مرۆڤێك بە ئازادی و یەکسانی لەدایك دەبێت و پێویستە ئازادی و کەرامەت و مافەکانی پارێزراو بێت. بۆیە ئێمەش لە ڕێگەی لیژنەی تایبەت بە مافی مرۆڤ و لیژنەی مافی ئافرەت و منداڵان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق هەموو هەوڵێك دەدەین بۆ ئەوەی ژیان و گوزەرانیان خۆشتر بکەین.

ئافرەت پێگەیەکی قایمی هەیە و دەتوانێ کاریگەری زۆری لە بواری کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕامیاری و تەنانەت ئایینی هەبێت، لە هەموو کات و ساتێکی ژیانیش ڕۆڵێکی گرینگ و سەرەکی هەبووە لە کاروبای ژیان و پەروەردەکردنی منداڵ و هەر کاتێك وڵات و نیشتمانەکەشی ڕووبەڕووی هەڕەشی دوژمن بووبێتەوە، شان بە شانی پیاو خەبات و بەرگری کردووە، هەمیشە و لە هەموو شەڕەکانیشدا زەرەرمەندی سەرەکی ئافرەت و منداڵ بووە، بەڵام بەداخەوە تاکو ئێستا لە عێراقدا ڕێز لەو هەموو خەبات و قوربانیدانەی ئافرەت نەگیراوە و وەك پێویستیش ئاوڕیان لە مندڵان و قوربانییانی شەڕ نەداوەتەوە.

لە کوردستانیش ڕاستە یاسای تایبەت بە خێزان و ئافرەت و منداڵ هەیە، بەڵام زۆر بە کەمی جێبەجێ دەکرێت و زیاتر بووەتە مەرەکەبی سەر کاغەز، بۆیە ئومێد بە خوا ئێمە هەوڵی زیاتر دەدەین بۆ جێبەجێکردنی ئەو یاسایە و هەموو یاسا نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ و دەبێت کاری جدیتر بکەین بۆ گەڕانەوەی مافە زەوتکراوەکانی ئافرەتان، نابێت ئەوەش لە بیر بکرێت کە ئافرەت، دایکە، خۆشکە، هاوسەرە و نیوەی کۆمەڵگەیە و دەبێت ڕێز لە ئەرکەکانی بگرین و مافەکانی بپارێزین.

گوڵان: کۆمەڵایەتی

**لە هەر جەنگ و ململانێیەکدا زۆرترین قوربانییەکان ئافرەت و منداڵن، لە کاتێکدا دەستوور و ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و هەموو یاسا نێودەوڵەتییەکان ئاماژە بە ژیانێکی شایستە دەکەن بۆ ئەو دوو توێژە**

**دەبێت پشتیوانیی یاسایی دروست بکەین بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی تواناکانی ئافرەتان و هۆشیارکردنەوەیان بەرامبەر بە مافە ڕەواکانیان لە چوارچێوەی یاساکانی مافی مرۆڤ و ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان**